

# لەسێدارەدانی سەدام‌و چەند سەرنجێك

ڕێبین هەردی دەینوسێت

● دواجار سەدام لەسێدارەدرا، بەڵام لە سیناریۆو شانۆگەرییەکدا کە دڵخۆشکەرانە نەبوو. شانۆگەرییەك بوو پڕ لە ترس‌و رق‌و تۆڵەو دڵڕەقی. ئەوەی لەو بەرەبەیانی جەژنەدا ئەنجامدرا، تۆڵەکردنەوە بوو، نەك جێبەجێکردنی حوکمێکی یاسایی، تۆقاندن‌و ترساندن بوو، نەك هەڵدانەوەی پەڕەیەکی تازە. ئەو هەواڵە ناخۆشانەی لەبارەی لەسێدارەدانی سەدامەوە هاتن، گەلێك زیاتر بوون لەو هەواڵە خۆشەی هەموو قوربانییەکانی سەدام چاوەڕێیان دەکرد. بەڕاستیش قوربانییەکانی سەدام کە هەر هەموویان چاوەڕێی ڕۆژێکی وایان دەکرد، هیچ سەماو ئاهەنگێکیان نەگێڕا. جگە لەکۆبوونەوە حزبییەکان کەس بۆ ئەو ڕۆژە هەڵنەپەڕی. سیناریۆیەکی دڵتەنگانە بوو، نەك لەبەرئەوەی خەڵك بەزەیی بە سەدامدا دەهاتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەمووان لە ڕادەی ئەو دڵڕەقی‌و بێبەزەییەی ئەنجامدەرانی حوکمەکە حەپەسابوون.

سیناریۆکانی ئەو بەرەبەیانی جەژنە، هەموو ئەو مەترسییانەی سەلماندەوە کە چەندانجاری دی‌و لە نووسینی دیدا ئاماژەم بۆ کردووە کە لەپێش هەموویانەوە مەترسی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی کوردستانە لەلایەن عێراقەوە. ئەو سەربازە عێراقییانەی لە سیناریۆی لەسێدارەدانەکەدا بەشدارییانکرد، ئینتیمایان نەك بۆ عێراق‌و دەوڵەتەکەی، بەڵکو بۆ گرووپێك‌و مەزهەبێك هەبوو. سەدام بە دروشمی تایفەیەکەوە ڕەوانەی لەسێدارەدان کرا. لێرەوە ئەوەی لەو بەرەبەیانی جەژنەدا ڕوویدا، نەك مژدە؛ بەڵکو زەنگی مەترسییەکە کە خودا دەزانێت داهاتووی عێراق بەرەو کوێ دەبات. لەشکرو سوپای عێراق چەشنی لای سەربازەکانی خۆمان، ئینتیمایان بۆ گروپ‌و تایفەکەیان گەورەترە لە هەر شتێکی دی. ئەو بەرەبەیانی جەژنە دەریخست لەشکری عیراق لە جومگە کاریگەرو باڵادەستەکەیدا بەدەست لایەنگرانی موقتەداوەیە. ئەوەی لەو بەرەبەیانی ڕۆژی جەژنەدا ڕوویدا هیچ پەیوەندییەکی بەو چاوەڕوانییە ئومێدوارانەوە نەبوو کە هەموومان بۆ داهاتووی عێراق هەمانە.. داهاتوویەك دادگا تیایدا بەهێزترین دەسەڵات بێت‌و نەك هەر بەرزترو باڵاتر بێت لە دەسەڵاتی تەنفیزی، بەڵکو لەوەش گرنگتر، قەڵای سەرەکی پاراستی مافەکانی تۆمەتباران بێت‌و هەموو ڕێگەیەك بگرێتەبەر بۆئەوەی تۆمەتبار هەموو بەرگرییەکانی خۆی بەکاربهێنێ. دادگاکە لەو ڕۆژەوەی حاکم ڕزگار لەژێر فشاری دەسەڵاتی تەنفیزی‌و بەتایبەتی دەسەڵاتدارە شیعەکانی عێراقدا، دەستی لەکارکێشایەوە، وەك دادگایەکی ڕاستەقینە کە بەدوای ڕۆحی دادپەروەرییدا دەگەڕێت، کەوتە ژێر گومانەوە. دادگا دەبێ جێگەیەك بێت کە چەند شکاتکاران مافی قسەکردنیان تیایدا هەیە، تۆمەتباران هێندەی ئەوان‌و زیاتریش مافی بەرگریکردن لە خۆیان هەبێت. هەر دادگایەك کە لە سەرەتاوە هەستمانکرد نوێنەری گشتی‌و شکاتکاران قسەی زیاتری تێدا دەکەن‌و باڵادەستن بەسەر ڕیتمی دادگادا، لەوە دەکەوێت دادگایەکی ڕاستەقینە بێت کە بەدوای ڕۆحی دادپەروەرییدا دەگەڕێت. دادگای ڕاستەقینە ئەو دادگایەیە کە ڕێگەدەدات تۆمەتباران بەتەواوی‌و بەدڵی خۆیان قسەبکەن‌و هەموو ڕێگەیەکیش دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەم مافەیان بۆ دەستەبەربکات. وەك لە شوێنێکی دیدا گوتوومە بیرۆکەی دادگا لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتووە بەر لەوەی حوکمی کۆتایی بەسەر تۆمەتباردا بدەین‌و ڕەوانەی سزایەکی بکەین کە شکاتکاران دەیانەوێت، جارێکی دی‌و بۆ دواجار هەقی قسەکردن‌و بەرگریکردن بە تۆمەتبار بدەینەوەو بەو پێشگریمانییەوە بچینە ناو دادگا کە دەشێت تۆمەتبار بێتاوان بێت. ئەو وتەزا بەناوبانگەی دەڵێت: "تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی تاوانەکەی لەسەر دەسەلمێت"، بۆ ئەوە هاتووە بیرمان بێنێتەوە دادگا بەر لەوەی جێگەی سزادان بێت، جێگەی بەرگریکردنە، بەر لەوەی جێگەی باڵادەستی شکاتکاران‌و نوێنەری گشتی بێت، مەیدانی بەرگری تۆمەتبارە، چەند دەشێت تۆمەتێك بسەلمێنێت، هێندەش دەتوانێت هەمان تۆمەت هەڵوەشێنێتەوە. لە ڕاستیدا بەبێ بوونی پێشگریمانەی بنەڕەتی بێتاوانی، مومکین نییە قسە لە دادگا بکەین. بەڵام لەپاش وازهێنانی حاکم ڕزگارەوە، دادگاکەی سەدام هەرە گرنگترین مەرجی سەرەکی دادگا کە ئەگەری بێتاوانییە، لەدەستدا. نە دادوەر بێلایەن بوو، نە تۆمەتبارانیش بەئازادانە قسەیانکرد. هەموو ئەو بیانووە یاساییانەی بۆ بێدەنگکردن‌و ڕێگەگرتن لە قسەکردنی تۆمەتباران دەهێنرانەوە، ئەو ڕاستییەی نەدەشاردەوە کە ئەم دادگایە کارلێکراوەو سەربەخۆو بێلایەن نییە. ئەو ڕۆژەی حوکمەکانیش خوێنرانەوە، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ئەم دادگایە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ ئەم حوکمانە دانراوە، بەڵام ئەم سیناریۆیانە کە هەر هەموویان لەپاش وازهێنانی حاکم ڕزگارەوە پێشبینیکراو بوون، گەیشتە ئاستێکی گاڵتەجاڕی ترسناك، کاتێك کە مەحکەمەی تەمییز لەماوەی 10 ڕۆژدا بڕیاری کۆتایی دەرکرد. 10 ڕۆژ بۆ بڕیاردان لەوەها دادگایەکی مێژوویی‌و گرنگدا، تەنها یەك شت دەسەلمێنێ، عێراقی داهاتوو خاوەن هەمان ئەو دادگایانە دەبێت کە سەردەمی پێشوو خاوەنی بوو. ئایا دەکرێت بڕوا بەوە بکەین مەحکەمەی تەمیز توانی لە ماوەی 10 ڕۆژدا هەموو لاپەڕەکانی ئەو فایلانە بخوێنێتەوە کە دەگاتە پتر لە 1000 لاپەرە! پڕ ئاشکرایە مەحکەمەی تەمییز بە فایلەکاندا نەچۆتەوەو تەنها تەماشای حوکمەکانی کردووەو لەمەشدا لەبری ئەوەی حوکمەکان بەئاراستەی کەمکردنەوە پاڵ پێوەبنێ، بەئاراستەی دڵڕەقانەو توندترکردن پاڵی پێوەنا. بگرە گاڵتەجاڕی گەیشتە ئەو ئاستەی مەحکەمەی تەمیز نەك هەر حوکمەکانی لەسێدارەدانی سەلماند، بەڵکو بەبێ هیچ سەلماندنێکی ڕاستەقینە تەنها ئەو حوکمەی ڕەتکردەوە کە بۆ تەها یاسین ڕەمەزان دەرچووە. تەها یاسین ڕەمەزان کە هەموو دراوەکانی دادگا بەشدارنەبوونی لە تاوانەکەی دوجەیلدا دەسەلماند، حوکمەکەی لە زیندانی هەمیشەییەوە دەبێ بگۆڕێت بۆ حوکمێکی توندتر. ئایا ئەمە گاڵتەجاڕی نییە بە دادگا؟ تەمییزکردنی حوکمێك کە دواسەنگەری بەرگریکردنی تۆمەتبارە لە خۆی، دوا مەرجەعی یاساییە کە تۆمەتبار پەنای بۆ دەبات، تا دوا شانسی خۆی بۆ کەمکردن یان لابردنی حوکمەکەی تاقیبکاتەوە. کەچی دادگای تەمییز حوکمەکە نەك کەمناکاتەوە، بەڵکو داوادەکات توندتری بکەن؟! واتە پارێزەرانی تەها یاسین ڕەمەزان گەر داوای تەمییزی حوکمەکەیان نەکردایە، بارودۆخی باشتر دەبوو؟! ئایا گاڵتەجاڕی وا لە کوێدا نموونەی هەیە، لەو داگایانەدا نەبێت کە کاتی خۆی بەعس دایمەزراندبوو.